# دەربارەی دەقی

# «دەروازەیەک بۆ نارسیسیزم(خودئەڤینی)»ـی فرۆید




ژان-میشێل کینۆدۆ

وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: عەلی ئەحمەد

زاراوەی «نارسیسیزم»(خودئەڤینی) دەگەڕێتەوە بۆ ئەفسانەیەکی یۆنانی دەربارەی نارسیس، و بۆ واتابەخشینی ئەو خۆشەویستییە [عەشقە] داهێنراوە کە تاکەکەس بە شایستەی خودی خۆی دەزانێت. نارسیس عاشق بە لاوێکی زۆر جوان بوو، لێ نەیدەزانی ئەوەی عاشقی بووە پەرچدانەوەی خۆیەتی لە ئاوی جۆگەلەیەکدا. گرنگە ئاماژەی پێ بکەین کە نارسیس گیانی سپارد، هەر لەبەر ئەوەی نەیزانی ئەو وێنەیەی وا کەمەندکێشی دەکات، وێنەی خۆیەتی. فرۆید یەکەم جار زاراوەی «نارسیسیزم» لە ساڵی (1910)دا بەکارهێنا، ئەویش بۆ ئەوەی باسی هەڵبژاردنێکی تایبەتی ئۆبێکت لای هاوڕەگەزخوازان بکات: ئەوان کەسێکی هاوبەش بەگوێرەی وێنە و لێکچووی خۆیان هەڵدەبژێرن. بەم شێوەیە، ئەوان بەڕێگەی کەسە هاوبەشەکەوە «وەکو ئۆبێکتێکی سێکسی درک بە خودی خۆیان دەکەن». فرۆید هەر زوو دوای ئەمە دەستیکرد بە سەیرکردنی نارسیسیزم وەکو یەکێک لە قۆناغە ناوەندگیرییەکانی گەشەی سایکۆسێکسییانەی منداڵی کە دەکەوێتە ناڤبەری ئەو ئاوتۆ-ئیرۆتیزمەی کە مۆدێلەکەی دەستپەڕە، و قۆناغێکی باڵاتر کە تایبەتمەندە بە خۆشەویستی بۆ ئۆبێکت.

فرۆید لە ساڵی (1914)دا بەهۆی کارکردن لەسەر «دەروازەیەک بۆ نارسیسیزم (خودئەڤینی)»دا زیاتر دەچێتە پێشەوە: ئەو نەک هەر تەنێ چەمکی نارسیسیزم دەسازێنێت، بەڵکو هەڵسەنگاندێکی گشتی بۆ ئەو پرسانە دەکات کە ئەم چەمکە لە پێشی تیۆری دەروونشیکاری‌دا بە تێکڕایی دایاندەنێت. ئەمە کارەکە بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن ئاڵۆز دەکات، سەرباری ئەوەش چەمکی نارسیسیزم، بەتایبەت نارسیسیزمی یەکەم (سەرەتایی)، گەلەک واتای جیاواز لای فرۆید و دەروونشیکارە پاشفرۆیدی‌یەکان لە خۆیدا هەڵدەگرێت. فرۆید لەم کارەیدا تێزەکەی خۆی دەربارەی سرووشتە سێکسییە سەرەتاییەکەی لیبیدۆ دووپاتدەکاتەوە و باسی فۆرمێکی سەرەتایی یان کۆنی نارسیسیزم

دەکات کە ناوی دەنێت نارسیسیزمی یەکەم، ـــ کە منداڵ پێش ئەوەی ئاوڕ لە ئۆبێکتە دەرەکییەکان بداتەوە، خودی خۆی وەکو ئۆبێکتی خۆشەویستی و وەکو ناوەندی جیهان دەرکدەکات. ئینجا ئەو گەشەیە دێت، کە بتوانێت ئەوانی دیکەی خۆشبوێت بەو هۆیەی کە ئەوان گوزارشت لە خودی خۆیان دەکەن، و دەرککردنی وان وەک دابڕاو و جیاکراو لە خودی خۆیشی پێشڤەچوونێکە لە ژیانی هەستەکاندا. ئەمە بەتایبەت ئەو واتایە دەبەخشێت کە تاکەکەس دەتوانێت ئەو خۆشەویستییەی وا بۆ ئەویتر ئەزموونیدەکات، بۆ سەر خودی خۆی هەڵیبگەڕێنێتەوە: فرۆید ئەم شێوە هەڵگەڕانەوەی بارگە («cathexis») [خەرجکردنی وزەی دەروونی] بۆ سەر خودی کەسەکە ناودەنێت نارسیسیزمی دووەم. لە گەشەی ئاساییدا نارسیسیزمی دووەم دەبێتە خۆ-نرخانێکی ئەرێنی بنەڕەتی و لەگەڵ خۆشەویستی ئۆبێکتییدا هاوهەبوون دەبێت. هەروەها نارسیسیزم فۆرمە پاتۆلۆژییەکانیشی هەیە کە خۆیان لە فۆرمی ئەو شڵەژانە کەسێتییە قوورسەدا دەبیننەوە، کە دەگەن بە وڕێنەی خۆبەزلزانی لە حاڵەتەکان سایکۆسیس (دەروونپەشێوی)دا. نارسیسیزم ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لەوەی کە تاکەکەس چۆن پەیوەندییەکانی لەگەڵ خەڵکی بونیاد دەنێت؛ فرۆید دوو جۆری بنەڕەتی هەڵبژاردنی ئۆبێکت جیادەکاتەوە: هەڵبژاردنە-ئۆبێکتی پاڵپشتخواز (« *anaclitict type of object-choice* »)، کە لەسەر خۆشەویستییەکی تەواوەتی بۆ ئەو ئۆبێکتە دامەزراوە کە وەکو دابڕاو لە سوبێکت و سەربەخۆ دەرکدەکرێت، و هەڵبژاردنە-ئۆبێکتی نارسیستییانە (« *narcissistic object-choice* »)، کە بەشێوەیەکی باو پەیوەستە بەو خۆشەویستییەوە [عەشق] کە تاکەکەس بەرەو خودی خۆی ئاراستەی دەکات. فرۆید گەلەک نمونەی جیاواز بۆ ئەم هەڵبژاردنانە دەهێنێتەوە.

بابەتی چەقبەستنی کەسێتییە نارسیستی‌یەکان لەسەر خودی خۆیان فرۆید ناچاردەکات وای‌دابنێت ناچنە ژێر باری شیکارییەوە، چونکە جیاواز لە کەسە نیرۆتیکەکان(عوسابییەکان)، پەیوەندییەکانی گواستنەوە (transference) شێوەگیر ناکەن. هەرچەندە کار و بەرهەمەکانی دەروونشیکارە پاشفرۆیدی‌یەکان ئەوەیان پێشاندا کە گواستنەوەی نارسیستی بەکردەنی دەچێتە ژێر باری شیکاری، ئەمەش ڕێگایەکی کردەوە بۆ زۆر دەسکەوتی گرنگی دەروونشیکاری.

## نارسیزم:

چەمکێک لە کارەکانی فرۆیددا، کە بە زەحمەت پێناسەدەکرێت

زارەوەکانی «نارسیسیزم»، «نارسیسیزمی یەکەم» و «نارسیسیزمی دووەم» وەکچۆن لە کارەکانی فرۆیددا، ئاواش لە تێکڕای ئەدەبیاتی دەروونشیکاری‌دا واتای فرەچەشن لە خۆیاندا هەڵدەگرن، بۆیە بە دەقیقی پێناسەکردنیان کارێکی قوورسە. هەر وەک لاپلانش و پۆنتالیس ئاماژەیان بۆ کردووە، تێگەی نارسیسیزمی دووەم کەمتر لە تێگەی نارسیسیزمی یەکەم ئاڵۆزە. لەڕاستییدا فرۆید نارسیسیزمی دووەم (*secondary narcissism*) دیاریدەکات دەکات وەکو «هەڵگەڕانەوەی لیبیدۆ بۆ سەر خودی ئیگۆ کە لە بارگەی ئۆبێکتەکان ڕزگاری بووە»: نارسیسیزمی یەکەم (*primary narcissism*) لای فرۆید «بەکردەنی نارسیسیزمی سەرەتایی منداڵە، کە پێش

هەڵبژاردنی ئۆبێکتە دەرەکییەکان، خۆشەویستی بۆ سەر خودی خۆیان ئاراستەدەکەن[1]» [بە واتایەکی دیکە، نارسیزمی یەکەم ئەو حاڵەتە سەرەتاییەیە کاتێک منداڵ لیبیدۆ بۆ سەر خودی خۆی بەگەڕدەخات]. لاپلانش و پۆنتالیس تێبینیی ئەوە دەکەن کە ئەگەر ئێمە هەوڵدەین بەوردی چرکەساتی درووستبوونی ئەم حاڵەتە دیاریبکەین، ئەوا لای فرۆید چاومان بە گەلەک ڤێرژنی جیاواز دەکەوێت: بۆنمونە، لە دەقەکانی ساڵانی (1910ــ1915)دا قۆناغی نارسیسیی دەخاتە ناقبەری ئاوتۆئیرۆتیزم و خۆشەویستیی ئۆبێکتییەوە: درەنگتر، لە دەقەکانی ساڵانی (1916ــ1917)دا چەمکی نارسیسیزمی یەکەم دەگەڕێنێتەوە بۆ قۆناغی سەرەتای ژیان، کە تەنانەت پێش سەرهەڵدانی ئیگۆ دەکەوێت و بە گۆزارشتەکەی خۆی دەکەوێتە ناو ژیانی ناو-منداڵدانەوە. جگە لەوەش لاپلانش و پۆنتالیس سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشن کە ئەم واتا دووەمەی چەمکی نارسیسیزمی یەکەم زۆر جار لە بیرکردنەوەی دەروونشیکارییانەدا واتای «دۆخێکی "بێئۆبێکتی"، یان لانی کەم "جیانەکراو" دەبەخشێت، کە دەکەوێتە پێش کەرتبوونی سوبێکت و جیهانی دەرەکی[2]»ـەوە. ئەم نوسەرانە بە شیکارکردنی گۆشەنیگا جیاوازەکانی دەروونشیکاری لەسەر نارسیسیزم، تێبینیی ئەوە دەکەن کە ئەم ڕاڤەیەی چەمکی نارسیسیزمی یەکەم دیمەنی نیشاندانی وێنەی خود یان پەیوەندیی ئاوێنەیی لەدەستدەدات، ــ کە نزیکمان دەکاتە لە چەمکی «قۆناغی ئاوێنەیی» ژاک لاکان.

---

[1] Лапланш Ж., Понталис Ж.-Б. Словарь по психоанилизу / Пер. С франц. Но. С. Автономной. — М:. Высшая. Шк., 1996. — с. 247

(ئێمە لەم پەراوێزەدا لەجیاتیی سەرچاوە فەرەنسییەکە ڕووسی-مان بەکارهێناوە). وەرگێری کوردی.

[2] هەمان سەرچاوە، ل 247

به بۆچوونی فرۆید نەخۆشە نارسیستییەکان ناچنە ناو پەیوەندییەکانی **گواستنەوە**وە لەبەر ئەوەی نەخۆشەکانی «نیرۆسیسی نارسیستیی» (narcissistic nerosis) مەیلی ئەوە دەکەن خودی خۆیان بە بنەما بگرن و خۆیان لە پەیوەندییەکانی خەڵکانی دەوروبەر دووربخەنەوە، فرۆید وایدادەنا کە ناچنە ژێر باری شیکارییەوە، چونکە بە بۆچوونی وی، ئەوان گەشە بە گواستنەوە نادەن. فرۆید ئەو نەخۆشانەی وا توانای گواستنەوەیان نیە و دەکەونە حاڵەتەکانی سایکۆسیسی [دەروونپەشێوی] یان خەمۆکی مانیایی‌ەوە، دەگەڕاندەوە بۆ کاتیگۆری «نیرۆسیسە نارسیستییەکان» کە پێچەوانەی ئەو نەخۆشە نیرۆسیسییانەن وا توانای گەشەدانیان بە «نیورۆسیسی گواستنەوە» (transference neurosis) هەیە و دەچنە ژێر باری شیکارییەوە.

کاتیک ئاوڕ لە دواوە دەدەینەوە، دەتوانین وایدابنێین کە وێناکردنی فرۆید بۆ گواستنەوە ڕەنگە ڕێی لێ گرتبێت شیکاری گواستنەوەی نێگەتیڤانە بکات. لەڕاستییدا فرۆید وەکچۆن وەسفی **گواستنەوە**ی پۆزەتیڤی کردووە، بە هەمان شێوەیەش وەسفی **گواستنەوە**ی نێگەتیڤی کردووە، بەڵام لە دووەمیاندا فۆرمێکی بەرهەڵستیی بینیوە کە ڕێگرە لە گەشەی **گواستنەوە**ی ئەرێنی و لەبەر ئەوەش شیمانەی شیکارکردنی ئەم بەرهەڵستییە وەک بەشێکی شایستەی **گواستنەوە** وەکو خۆی لەبەرچاونەگرتووە. سەرەنجام کارەکانی دەروونشیکارە پاشفرۆیدی‌یەکان ڕێگایان کردەوە بۆ ئەوەی بەتەواوی لە هەموو لایەکەوە سەیری **گواستنەوە** بکرێت؛ دەروونشیکارانی ئەمڕۆ دەتوانن لە کارەکەی وی نزیکببەنەوە و لە لێکۆڵینەوە تیۆری و پراکتیکییەکانی خۆیانەوە ئەنجام بەدەستبخەن.

# لە نارسیسیزمی یەکەمەوە بۆ دووەم

فرۆید لە سەرەتای وتاری «دەروازەیەک بۆ نارسیسیزم(خودئەڤینی)»دا بەشێوەی کلینیکی چەمکی نارسیسیز (خودئەڤینی) دیاریدەکات کە پێش چەند ساڵێک لەلایەن سێکسۆلۆژەکانەوە بەکارهێنراوە: نارسیسیز ئاماژەیە بۆ «ئەو کەسانەی کە بەجۆرێ مامەڵە بە لەشی خۆیانەوە دەکەن کە هەر بەو جۆرەش مامەڵە بە جەستەی ئۆبێکتی سێکسییەوە دەکەن: ئەم کەسانە دەڕواننە لەشی خۆیان و نەوازشیدەکەن تا لەم ڕێگەیەوە دەستیان بە تێربوونی تەواوەتی بگات[3]». بەڵام فرۆید باس لەوە دەکات کە دەروونشیکاری ئەوەی پێشانداوە بارگەیەکی سێکسیی لەم شێوەی جەستەی خودی کەسەکان نە تەنێ لە سایکۆپاتۆلۆژیا (نەخۆشی)دا، بەڵکو لە ڕەوتی گەشەی سێکسی ئاسایی هەموو تاکەکەسێکیشدا بەرچاودەکەوێت: بەم شێوەیە، کایەی لێکۆڵینەوەی نارسیسیزم بەشێوەیەکی واتادار فراواندەبێتەوە.

فرۆید دەنوسێت: ئەزموونی دەروونشیکاری ئەوەی پێشانداوە کە هەندێک لە نەخۆشەکانی شیزۆفرێنیا ڕەفتارێکی نارسیستیی لە پەیوەندیدا بە دەروونشیکارەوە دەخەنەڕوو: ئەم نەخۆشانە بایەخدان بە کەسەکان و شتەکانی جیهانی دەوروبەر لەدەستدەدەن، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی ئەم نەخۆشانە نەکەونە ژێر کاریگەریی شیکارییەوە، هەر وەک کارڵ ئەبراهام لەساڵی (1908)دا تێبینیی ئەمەی کردبوو. بەڵام فرۆید دەپرسێت، لەم حاڵەتەدا چارەنووسی لیبیدۆ چیی بەسەردێت کاتێک لە شیزۆفرینیادا لە ئۆبێکتە دەرەکییەکان دادەبڕێت؟ بە بۆچوونی وی، لیبیدۆ کە لە جیهانی دەرەکی دەکشێتەوە، پەناگەیەک لە وڕێنەی خۆبەزلزانی کەسی دەروونپەشێودا [سایکۆتیک] دەدۆزێتەوە: «ئەو

[3] زیگمۆند فرۆید. دەروازەیەک بۆ خودئەڤینی (نەرجسیەت). و. وەلید عومەر . ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند سلێمانی، 2020، ل 23

لیبیدۆیەی کە لە دونیای دەرەوە دابڕاوە، بە ئاراستەی ئیگۆدا هەڵدەگەڕێتەوە، بەم جۆرەش حاڵەتێک دەخوڵقێت کە دەتوانین ناویبنێین نارسیسیزم (خودئەڤینی)[4]». لەگەڵ ئەوەشدا خودی وڕێنەی خۆبەزلزانی درووستبوونێکی تازە نیە، بەڵکو توندی و دەرکەوتەی ئەو دۆخەیە کە پێشتر هەر هەبووە و فرۆید بە زاراوەی نارسیسیزمی یەکەم [سەرەتایی] واتای پێبەخشیوە. نارسیسیزمی دووەم بە هەڵگەڕانەوەی بارگەی ئۆبێکتی بۆ سەر ئیگۆ ناودەبات: «ئەم نارسیسیزمە [خودئەڤینییە] کە بەهۆی گەڕانەوەی بارگەی ئۆبێکتەوە سەریهەڵداوە، گوزارشتە لە دۆخی دووەم، کە دەخرێتە سەر ئەو نارسیسیزمەی یەکەم وا لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری جیاوازەوە کەوتۆتە ژێر کاریگەرییەوە[5]».

دەروونشیکاری لە وڕێنەی خۆبەزلزانی کەسی شیزۆفرێنیادا پەی بەو تایبەتمەندییانە دەبات کە هاوشێوەی ئەو شتانەن وا لە تێڕامانی سەرەتایی منداڵدا کەشفی کردووە، ــــ وەک توانای ڕەهای بیرکردنەوە، دونیای جادوویی و خۆبەزلزانین. فرۆید وایدادەنێت بارگەی یەکەمی ئیگۆ لە سەرەتای ژیانی منداڵدا بوونی هەیە کە بە نارسیسیزمی یەکەم ناودەبرێت، سەرەنجام بەشێکی ئەم بارگە («cathexis») دەچێتە سەر ئۆبێکتەکان، واتە ئاراستە دەبێت بۆ سەر کەسانی جیهانی دوروبەر. لێ وەک فرۆید دەبێژێت، بەشە سەرەکییەکەی لە ژیاندا خۆی دەپارێزێت و «پەیوەستە بە بارگەی ئۆبێکتەکان [خاڵیبوونەوە وزەی دەروونی لە ئۆبێکتدا]، ڕێک بەو جۆرەی کە لەشی ئەمیبیا پەیوەستە بەو گەندەپێ یان پاوپێ ساختانەوە کە لێیەوە دەردەچن[6]». بەم شێوەیە بەهۆی

[4]هەمان سەرچاوە، ل 27

[5]هەمان سەرچاوە، ل 27

[6]هەمان سەرچاوە، ل 28

هەبوونی بەرامبەرکێیەک لەنێوان لیبیدۆ ــ ئیگۆ («ego-libido») و لیبیدۆ ــ ئۆبێکتدا («object-libido»)، فرۆید هاوسەنگییەک لە نێوان دوو ئاراستەی بارگەدا [خەرجکردن] جێگیردەکات: «زۆربوونی هەرکامیان بە کەمبوونەوەی ئەویتریان کۆتاییدێت[7]»

فرۆید دیسانەوە بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی لیبیدۆ ناوەرۆکێکی سێکسیی هەیە، مشتومڕەکەی لەگەڵ "کارڵ یۆنگ"دا درێژە پێدەدات و ڕەخنەی لێدەگرێت لەوەی کە ئەم چەمکەی لە ناوەڕکەکەی خۆی داماڵیوە و بەتێکڕا دەیگەڕێنێتەوە بۆ خولیایەکی دەروونی ئاسایی. فرۆید بۆ دووپاتکردنەوەی ئەو گریمانانەی کە پەیوەندیان بە ڕۆڵی سەرەکی لیبیدۆوە لە ژیانی دەروونیدا هەیە، بە پێداگیرییەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە تیۆرییەکەی وی دەربارەی لیبیدۆ لەسەر بایۆلۆژیا دامەزراوە، هەرچەند زانستی ئەو سەردەمە هێشتا نەیتوانیوە پشتگیرییەکی پێویستی بکات: «مادام ناتوانرێت چاوەڕێ بکرێت زانستێکی دیکە فریای ئەنجامە مسۆگەرەکانی تایبەت بە تیۆری غەریزەکان بکەوێت، ئەوا باشترە چەندقات هەوڵبدەین ئەوە ئاشکرابکەین کە تێهەڵکێشبوونی دیاردە دەروونیەکان چۆنچۆنی یارمەتی حەلکردنی ئەم کێشە بنەڕەتییەی بایۆلۆژیا دەدات[8]».

---

[7] هەمان سەرچاوە، ل 29

[8] هەمان سەرچاوە، ل 35

## فرەچەشنیی دەرکەوتەکانی نارسیسیزم (خودئەڤینی)

هەرچەندە شێوازی بنەڕەتی توێژینەوەی دەروونشیکاری دەربارەی دیاردە نارسیسییەکان، بەتایبەت نارسیسیزمی یەکەم، خۆی لە لێکۆڵینەوەی سایکۆسیسدا (psychosis) دەبینێتەوە، لێ بە بۆچوونی فرۆید، دەکرێت بۆ توێژینەوەی ئەم پرسیارە بە شێوازێکی هاوشێوەی دیکە خۆمان نزیک بکەینەوە ـــ ئەویش بە لێکۆڵینەوە دەربارەی نەخۆشییە ئۆرگانییەکان، خۆبەنخۆشزانین (hypochondria) و ژیانی خۆشەویستیی هەردوو ڕەگەزەکە.

هەمووان دەزانن کە ئەو مرۆڤەی وا لە کاتی ئازاری جەستەییدا ئازاری فیزیکی یان ناڕەحەتی دەچێژێت، خولیای بۆ بابەتەکانی جیهانی دەرەکی لەدەستدەدات، خولیای لیبیدۆی خۆی لە ئۆبێکتی خۆشەویستی دادەبڕێت و بارگەی لیبیدۆیی ڕادەگرێت هەتا ئەو کاتەی چاکدەبێتەوە [هەتا ئەو کاتەی ژان و ئازاری نامێنێت]. بەشێوەی لێکچوون هەر ئەوەش لە خەوندا ڕوودەدات: «دۆخی خەون هەر وەک نەخۆشی گوزارشتە لە هەڵگەڕانەوەی نارسیسییانەی لیبیدۆ بۆ سەر خودی کەسەکە، یان گەر دەقیقتر بیڵێین، بۆ ئارەزووی خەوتن[9]».

وەک تێبینیی دەکەین کەسی خۆبەنەخۆشزان بە هەمان شێوە خولیای بۆ بابەتەکانی جیهانی دەرەکی نابێت و لیبیدۆی خۆی بۆ سەریان ئاراستە ناکات، بەڵکو هەردووکی [خولیا و لیبیدۆ] بەرەو ئەو ئەندامەی جەستە چڕدەکاتەوە کە سەرنجی ئەوی بە خۆیەوە سەرقاڵکردووە و ناچاریدەکات ئازاربچێژێت. لێ خەرجکردنە لیبیدۆییە نارسیسییەکان بۆ

[9] هەمان سەرچاوە، ل 45

سەر هەر بەشێکی جەستە تەنێ لە کاتی خۆبەنەخۆشزانیندا بەرچاو ناکەون، بەڵکو لە نیرۆسیسشدا («neurosis») بەرچاو دەکەون، ئەویش بە حوکمی ئەو فاکتەی کە هەر بەشێکی جەستە دەتوانێت خەسڵەتی ناوچەی وروژێنەری وەرگرێت و خۆی وەک شوێنگرەوەی ئەندامی زاوزێ دابنێت: «لەبەرامبەر هەر گۆڕانکارییەکی وەهادا لە ئیرۆتێکوروژێنی و شەهوانیبوونی ئەندامەکانی لەشدا، دەکرێت گۆڕانێکی بەدیل لە خاڵیبوونەوەی دەروونی لە ئیگۆدا ڕوبدات[10]». بەم شێوەیە، هەموو بارگەیەکی لیبیدۆیی ناوچەی وروژێنەر هاوتایە لەگەڵ بارگەی لیبیدۆیی ئیگۆ و بەرەو نارسیسیزمی یەکەم لێژدەبێتەوە.

خاڵی بە یەکگەیشتنی خۆبەنخۆشزانین و شیزۆفرێنیا ڕێ بە فرۆید دەدات دوورتر بڕوات و تێگەی تازەی گردبوونەوەی لیبیدۆ بهێنێتەکایەوە ـــ واتا بەرەنجامی ناخنشینی (*introversion*) لیبیدۆ لە ڕەوتی گەڕانەوەی پاتۆلۆژیاییدا. ئەم گردبوونەوەی لیبیدۆیە وادیارە لە بنەڕەتی زیادەڕۆی حاڵەتی ئۆرگاندا لە کاتی خۆبەنەخۆشزانیندا و لە بنەڕەتی وڕێنەی خۆبەزلزانیندا لە کاتی شیزۆفرێنیادا ڕاکشاوە. فرۆید بۆ تێگەی چەندییانەی گردبوونەوەی لیبیدۆیی ڕەهەندێکی ئابورییانەی سروشتی نارسیسیزم زیاددەکات کە جیایە لە چەمکی نارسیسیزم وەک یەکێک لە قۆناغەکانی گەشە [لەنێوان ئاوتۆ-ئیرۆتیزم و خۆشەویستی ئۆبێکتیی‌دا] کە لە کارەکەی خۆیدا دەرەبارەی حاڵەتی شرێبێر (1911) دایهێناوە؛ ئەمە بەرامبەرکێیەک لە نێوان ئەو لیبیدۆ - ئیگۆیەی کە بەگەڕخراوە بۆ سەر ئیگۆ و ئەو لیبیدۆیەدا کە بەگەڕخراوە بۆ سەر ئۆبێکت چڕدەکات.

---

[10] هەمان سەرچاوە، ل 47

ئەوەشی پەیوەندی بە ژیانی خۆشەویستی ڕەگەزەکانەوە هەیە، دەکرێت تێیدا گەلەک نمونەی بارگە لیبیدۆییەکان [خەرجکردنی لیبیدۆ] بدۆزینەوە کە لەسەر نارسیسیزم دەمەزراون. فرۆید ئەوە بەبیردێنێتەوە کە منداڵ یەکەمین تێربوونە سێکسییەکان لە پەیوەستیدا بە یارمەتی لە کارکردە ژینەکییە گرنگەکاندا ـــ بە خۆراکپێدانەوە، چاودێرییەوە و هتد ئەزموون دەکات ـــ و درەنگتر ئەم پەیوەستییە بەردەوام لەوەدا دەرکەوێت کە ئەو کەسانەی وا خۆراکیان بە منداڵەکە داوە و چاودێرییان کردووە، بۆ نمونە دایک یان کەسێک جێی وی بگرێتەوە، دەبنە یەکەمین ئۆبێکتی سێکسی وی [منداڵەکە]. فرۆید ئەم هەڵبژادنە ئۆبێکتە، کە لای کەسانی پێگەیشتوو دەگەڕێتەوە بۆ یەکەمین هەڵبژاردنە ئۆبێکتی خۆشەویستی لە منداڵیدا، ناودەنێت پاڵپشتخواز («*anaclitic*»). بەڵام هەندێک کەس، بەتایبەت لای ئەوانەی گەشەی لیبیدۆکەیەیان تووشی تێکچوون هاتووە، بۆ نمونە لادەرەکان و هاوڕەگەزخوازەکان، ـــ لە هەڵبژاردنی دواتری ئۆبێکتی عەشقەکەیاندا، نەک وێنەی دایکیان بەڵکو وێنەی خودی خۆیان هەڵدەبژێرن، فرۆید ئەم جۆرە ناودەنێت هەڵبژاردنە-ئۆبێکتی نارسیسییانە («*narcissistic object-choice*»). بەڵام لێرەدا فرۆید بیرکردنەوەی خۆی ڕووندەکاتەوە و ڕایدەگەیەنێت کە جیاوازی دوو جۆر هەڵبژاردنی ئۆبێکت بەو شێوە نیە کە پێشاندەدرێت، چونکە «هەر تاکێک دەتوانێت بەپێی ئەم دوو جۆرە، ئۆبێکتی خۆی هەڵبژێرێت، و ڕەنگە کەسێک یەکێک لەم دوو جۆرەی پێ باشتر بێت[11]». کەواتە: «مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە دوو ئۆبێکتی سێکسی هەیە: خودی خۆی و ئەو ژنەشی کە گرنگی پێدەدات؛ بەم شێوەیە وایدادەنێین نارسیسیزمی (خودئەڤینی) سەرەتایی بەسەر

---

[11] هەمان سەرچاوە، ل 54

هەموو مرۆڤەکاندا دێت و ڕەنگە لە هەندێ حاڵەتدا بە شێوەیەکی زەق خۆی لە هەڵبژاردنە ئۆبێکتی کەسەکاندا دەرخات[12]».

پاشان فرۆید بە کورتی باسی جۆرە جیاوازەکانی هەڵبژاردنی ئۆبێکت دەکات. عەشقی تەواو، کە بۆ جۆری پاڵپشتخوازانەی هەڵبژاردنی ئۆبێکت دەگەڕێتەوە، سیفەتی پیاوانە. فرۆید دڵنیایە لەو چەمکەی خوی ـــ کە عاشقبوون دۆخێکی پاتۆلۆژییە، تاسەی خۆشەویستی، کە تێیدا پیاو زیادەڕۆی لە بەهادان بە ژنی خۆشویستراو دەکات، گرێیەکی نیرۆسیسی (عوسابی) پێکدەهێن کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ «هەژارکەوتنی ئیگۆ لەبەر کشانی لیبیدۆ لە سودی ئۆبێکتی خۆشەویستی[13]». فرۆید سەبارەت بە جۆری هەڵبژاردنی ئۆبێکت لای ژنان پێیوایە زۆرێک لەوان پەیوەندییەکانی خۆیان لەسەر بنەمای مودێلی نارسیسییانەی هەڵبژاردنی ئۆبێکت دادەمەزرێنن. بۆ دووپاتکردنەوەی ئەم تێزە ڕایدەگەیەنێت کە گەشەی ئەندامی زاوزێ لە ماوەی پێگەیشتن و باڵقبووندا «دەبێتە هۆی بەهێزکردنی نارسیسیزمی سەرەتایی»، بەم شێوەیە، دڵڕفێنی و جوانی ژنێک بۆ پیاو زیاتر خەسڵەتێکی نارسیستییە (خودئەڤینانەیە): «بە واتایەکی دەقیقتر، ئەم ژنانە تەنیا عەشقیان بۆ خۆیان هەیە، عەشقێک لە تینوتاودا لە گەرمی عەشقی پیاو دەچێت دەرهەق بەوان. هەروەها پێیویستیان بە عاشقبوون نیە، بەڵکو تەنیا دەیانەوێت کەسێک عاشقانە ئەوانیان خۆشبوێت و ئەو پیاوەشی هەڵگری ئەم مەرجە بێت دەبێتە ئەڤینی نێو دڵیان[14]». سەرباری ئەوەش فرۆید داندەنێت بەوەی کە ژنانێکی زۆر هەن بەپێی مۆدێلی

---

[12] هەمان سەرچاوە، ل 54

[13] هەمان سەرچاوە، ل 55

[14] هەمان سەرچاوە، ل 55

پیاوانە عاشقایەتی دەکەن و هەر بەپێی ئەم جۆرەی هەڵبژاردنە ئۆبێکتەش لای وان زیادبەهادانێکی سێکسییانە سەرهەڵدەدات. ژنانی نارسیستی دیکە کە باکیان بە پیاوان نیە، ڕێیەکیان هەیە بۆ عەشقی تەواوەتی بە ڕووی ئۆبێکت [بابەت]دا: ئەمە خۆشەویستییەکە کە دەیبەخشن بەو زارۆکانەی وا لای ئەمان هاتوونەتەدونیاوە. فرۆید بیر لەو هۆکارانە دەکاتەوە کە لەبەر کاریگەرییەکەیان کەسێتییە نارسیستییەکان خاوەنی ئەم ئەم هێزە سەرنجڕاکێشەن لە چاوانی کەسانی دەوروبەردا، و دەگات بەو ئەنجامەی کە ئەو کەسانەی وا ڕێ بە کەسێتییە نارسیسییەکان دەدەن خۆیان کەمەندکێش بکەن، ئەو کەسانەن «کە بەتەواوی نارسیسزمەکەی خۆیانیان ڕەتکردۆتەوە و مەیلی خۆشەویستی ئۆبێکت دەکەن[15] ». فرۆید کاتێک ئەم بەشەی کارەکەی تەواودەکات، دەربارەی نارسیسیزمی یەکەمی منداڵ دەنوسێت؛ ئاسانەی مەزەندەی ئەوە بکرێت نارسیسیزمی یەکەم لە پەیوەندی دایکوباوکەوە هەڵدەقوڵێت. دایک و باوک زیادەڕۆی دەکەن لە بەهادان بە منداڵە پەرجووەکەی خۆیان، هەرچی شایستە بێت دەیخەناپاڵی و باوەڕیان وایە کە ژیانی وی گرنگترە لە لە ژیانی وان: لە چاوی ئەواندا منداڵان ـــ «جەنابی ئەوی مناڵ[16]»ـە.

---

[15] هەمان سەرچاوە، ل 56

[16] هەمان سەرچاوە، ل 60

## له نارسیسیزمی منداڵانەوە بۆ شێوەگربوونی ئایدیاڵەکان لای کەسانی پێگەیشتوو

بە دوای ئەمەدا فرۆید پرسیارێک دەورووژێنێت: خۆشەویستیی بێپایان بۆ خود کە تایبەتمەندە بە نارسیسیزمی یەکەمی منداڵانە چی بەسەر دێت کاتێک مرۆڤی پێگەیشتوو ڕووبەڕووی بێئومێدییەکانی جیهانی دەرەکی دەبێتەوە؟ فرۆید وایدادەنێت بوونەوەری مرۆیی ناتوانێت لە مەیلی بۆ ئەو نارسیسیزمە تەواوکۆیە ڕزگاربێت کە لە منداڵییەوە سەریهەڵداوە: ئەو بزرنابێت، بەڵکو بۆ بریکارێکی نێودەروونی جێی دەگۆڕێت کە فرۆید هەم بە «ئیگۆی ئایدیاڵی[17]» («*ideal ego*») («*Idealich*») ناویدەبات، هەم بە «ئایدیاڵی ئیگۆ[18]» («*ego-ideal*») («*Ichideal*»): ئەو ئەم

---

17. بۆ ژاک لاکان ئیگۆی ئایدیاڵی (*moi idéal*) دروستبوونێکی نارسیسییە کە لە بنەڕەتی قۆناغی ئاوێنەدا گەشەدەکات و پەیوەستە بە نەزمی "خەیاڵی"یەوە. وەرگێڕ کوردی. بڕوانە:

Лапланш Ж., Понталис Ж.-Б. Словарь по психоанилизу / Пер. С франц. Но. С. Автономной. — М:. Высшая. Шк., 1996. — с. 610

18. فرۆید لە پەرتووکی «سایکۆلۆجیای گرووپ و شیکاری ئیگۆ»دا (1921) بەڕوونی ئایدیاڵی ئیگۆ لە ئیگۆ جیادەکاتەوە و تێیدا شرۆڤەی دەرکەوتەکانی وەک دڵڕفێنی خۆشەویستی، دەسەڵاتی هیپنۆتیزکار و ملکەچی ڕابەر دەکات کە تێیاندا سوبێکت مرۆڤێکی دیکە لە شوێنی ئایدیاڵی ئیگۆی خۆی دادەنێت. لە نامیلکەی «ئیگۆ و ئید»دا (1923) کە تێیدا بۆ یەکەم جار چەمکی سوپەرئیگۆ (منی باڵا) دەردەکەوێت، وەکو هاوواتای ئایدیاڵی ئیگۆ جێدەگرێت: تاکە بریکارە کە بەهۆی خۆ-هاوشوناسکردن لەگەڵ دایک و باوکدا لە پووکانەوەی گرێی ئۆدیپدا سەرهەڵدەدات و لە یەک کاتیشدا قەدەغە و ئایدیاڵ بەرجەستەدەکات. پەیوەندی سوپەرئیگۆ بە ئیگۆوە نە تەنێ سەرقاڵی دەکات بە فەرمانی: "بەم شێوە بە (وەکو باوکی خۆت)"، بەڵکو قەدەغەش دەگرێتەوە: "تۆ مافت نیە بەم شێوە بیت (وەکو باوکی خۆت)"، تۆ ناتوانیت ئەوە بکەیت کە ئەو دەیکات، هەندێ شت هەیە تەنێ بۆ ئەو ڕێپێدراون". دانێل لاگاش دەربارەی سوپەرئیگۆ/ئایدیاڵی ئیگۆ وەکو سیستەمێکی گشتی پەوەندییەکان قسەدەکات: سوپەرئیگۆ" واتای دەسەڵات و ئاوتۆریت دەبەخشێت، ئایدیاڵی ئیگۆش («*idéal du moi*») کە بە ڕێگەیەوە سوبێکت دەبێت بەرسڤی داخوازییەکانی وی بداتەوە (بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل 152 ـ 153 ـ 154). (و. کوردی). سلاڤۆی ژیژەک دەربارەی ئایدیاڵی ئیگۆ دەنوسێت: «ئەو بریکارەیە کە هەوڵدەدەم نیگا زەقەکەی بخەمە ژێر کاریگەری وێنەی ئیگۆی خۆمەوە، هەمان ئەویتری گەورە کە دەمخاتە ژێر چاودێرییەوە و ناچارم دەکات دەست لە باشترین شتی خۆم هەڵگرم». بڕوانە: سلاڤۆی ژیژەک. چۆن لاکان بخوێنینەوە. و. وەلید عومەر، ـــ سلێمانی، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٤، ـــ ل١٤٢.

چەمکانە لە سالانی دواتردا ڕوندەکاتەوە. بە واتایەکی تر بێژین: «ئەوەی کە کەسی پێگەیشتوو وەک ئایدیاڵ دەیخاتە بەرامبەر خۆی، جێنشینێکە بۆ نارسیسیزمی لەدەستچووی منالیی خۆی، نارسیسیزمێک کە تێیدا خۆی ئایدیالی خۆی بووە[19]».

لێ شێوەگربوونی ئەو ئایدیالەی، کە تاکەکەس بەردەوام بیرکردنەوە و کرداری خۆی لەگەلیدا بەراورددەکات، بە دوای خۆیدا بەرزبوونەی داوکارییەکان بۆ ئیگۆ ڕادەکێشێت، و فرۆید وایدادەنێت ویژدان ئەم ڕۆلە دەگێڕێت و زۆرجار وەکو هۆکاری چەپاندن باسی دەکات: «بۆ ئێمە جێی سەرسوڕمان نیە، ئەگەر بریکارێکی دەروونی بدۆزینەوە کە تێربوونی نارسیسیانە لە ئایدیالی ئیگۆوە مسۆگەربکات و بە هەمان مەبەست بەردەوام چاودێریی ئیگۆ فیعلییەکە بکات و بەو ئایدیالە هەلیبسەنگێنێت[20]». بە نۆڕینی فرۆید ئەم جۆرەی داخوازی بۆ خودی ئیگۆ نە تەنێ لە فۆرمی پاتۆلۆژی (نەخۆشی)دا بەرچاودەکەوێت، بۆ نمونە، کاتێک لە وڕێنەی بەدووکەوتندا بۆ نەخۆش وادەردەکەوێت کە کەسێک بیرکردنەوەی وی دەخوێنێتەوە و دوای کردارەکانی وی دەکەوێت، بەلکو لای هەموو مرۆڤێکی ئاسایی بەرچاودەکەوێت، چونکە لە بیرکردنەوەی هەموو کەسێکدا تێبینی «هێزێکی لەم شێوەیە دەکەین، کە دوای هەموو نیەتەکانمان دەکەوێت، نیەتەکانمان دەزانێت و دەیخاتە بەر ڕەخنە...». ئەم بریکارە، ویژدانە، بە پلەی یەکەم لەژێر کایگەری ڕەخنەی دایکوباوکدا بۆ زارۆک، ئینجا ڕەخنەی پەروەردەکار و گوشاری

---

[19] زیگمۆند فرۆید. دەروازەیەک بۆ خودئەڤینی (نەرجسیەت). و. وەلید عومەر . ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، سلێمانی، 2020، ل 67

[20] هەمان سەرچاوە، ل 68

ڕەخنەیی کۆمەڵگادا بەگشتی چڕدەبێت. سانسۆری خەون، کە فرۆید لە ساڵی (1900)دا باسی کردووە، یەکێکە لە فۆرمەکانی ئەم بریکارە. ئەم ئایدیاڵە جگە لە لایەنی تاکەکەسییانە، هەروەها لایەنی کۆمەڵایەتیشی هەیە، بەتایبەتی ئایدیاڵی هاوبەشی خێزان، چینوتوێژ و نەتەوە. فرۆید درەنگتر ئەم ئایدیایە زۆر بە فراوانی لە توێژینەوەی سایکۆلۆژیای گرووپ (جەماوەر)دا باسدەکات.

## پاشفرۆیدییەکان

دیاردەکانی گواستنەوەی ناسیستیی دەچنە ژێر باری شیکارییەوە

لە کۆتاییەکانی ساڵانی (1920)دا هەندێک دەروونشیکار ئەوەیان پێشاندا کە ئەو نەخۆشانەی وا فرۆید وەک «نیرۆسیسە نارسیستییەکان» پۆلێنیانی دەکرد، بەبێ هیچ گومانێک، سەرباری بۆچوونی وی، دەرکەوتەکانی گواستنەوەیان خستۆتەڕوو. بە دیاریکراوی، ڕوت ماک-برونسڤیک، مێلانی کلیاین، گاری سالیڤان و پۆڵ فێدێرن بەرگریان لە بیرۆکەیەک کرد کە لای ئەم نەخۆشانە **گواستنەوە**ی نەرێنی مەیلێکی هەیە بۆ زاڵبوون بەسەر گواستەوەی ئەرێنیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم نەخۆشانە دەچنە ژێر باری شیکارییەوە. سەرەنجام کارەکانی ئەم شوێنکەوتانەی دەروونشیکاری چارەسەری دەروونشیکارانەی ئەو نەخۆشانەیان کرد بە شیمانەکراو کە بەشێکی فراوانی پاتۆلۆژیان دەگرتەوە و کە پێش ئەمە وادادەنران ئیمکانی شیکاری گواستنەوەیان نەبێت. هەر بەم شێوەیە شیکاری سایکۆسیس لای منداڵان و کەسانی پێگەیشتوو، شیکاری حاڵەتەکانی خەمۆکییە مانیاییەکان و لادەرەکان، هەروەها شیکاری ئەو نەخۆشییە تازانەش کە ئێستا دەگەڕێنەوە بۆ شڵەژانە یەکلاییەنەکراوەکان (*borderline*) و شڵەژانە نارسیستییەکانی

کەسێتی دەرکەوتن و دەستیان کرد بە گەشەکردن. بەگشتی ئەمڕۆ ئەو جیاوازییانە ڕەتدەکەیینەوە کە فرۆید لەنێوان نیرۆسیسە نارسیستییەکان و نیرۆسیسەکانی گواستنەوەدا دایناون، چونکە چاودێری ئەوە دەکەین کە ئەو نەخۆشانەی وا پێشتر وەک کەسانی نیرۆسیسی پووخت سەیرکراون، دەکرێت شڵەژانی گواستنەوەیان هەبێت و بەپێچەوانەشەوە. لێرەوەڕا ئەوە دێت کە ئەمڕۆکە دەروونشیکاری زۆرجار ڕووبەڕووی ئەو نەخۆشە «ڕیشەجیاوازانە» دەبێتەوە (Quinodoz, 2000, 2002[21]) کە گواستنەوە لای وان لە یەک کاتدا پێکیدێت لە ڕەگەز پێشکەوتووەکانی نەزمی نیرسیسی و ئەو ڕەگەزە سەرەتاییانەی کە بە پلەی یەکەم لە ڕەگەزە سایکۆسیسی، لاڕێیی و نارسیستییەکان لە هاوڕێژە جیاوازەکاندا پێکدێن.

[21]Quinodoz J.-M. (2000), «Mélancolie maniaque: quelle issue?», Rev. Franç. Psychanal., 64.

Quinodoz J.-M. (2002), «L'identification projective: qu'en pensent Les psychanalysts de langue française?», Bull. Féd. Européenne psychanal., 56, 148 - 156

# چارەسەری دەروونشیکارییانەی شڵەژانە نارسیستییەکان:

# دوو مەیلی بنەڕەتی

دوو چەمکی جیاوازی شڵەژانە نارسیسییەکان

لە سەردەمی ئەمڕۆدا وەک چۆن لەڕوانگەی تیۆرییەوە، ئاواش تەکنیکییەوە فرەچەشییەکی زۆر لەوەدا هەیە کە دەروونشیکاران چۆن لە نارسیسیزم تێدەگەن. ئێمە لێرەدا بوارمان نیە بە دوورودرێژی باسی هەموو ئەو خوێندنەوانە بکەین کە سود لە تێرمێنۆلۆژیای جیاواز وەردەگرن و بە شێوەیەکی واتادار لە گۆشەنیگای تەکنیکی کلینیکییەوە لە یەکتری جیادەبنەوە. هاوکات دەتوانین ئەوە بێژین کە دوو ئاراستەی چارەسەرییانەی بنەڕەتی هەیە کە هاوتای دوو چەمکی نارسیسیزم دەبن و ئەم دەروونشیکارانە بە بنەمایان دەگرن. لە لایەکەوە، هەندێ دەروونشیکار هەن دوای ئەو تێگەیشتنەی نارسیسیزمی یەکەم دەکەون کە بۆ فرۆید دەگەڕێتەوە، و پێیانوایە لە سەرەتای ژیانەوە ماوەیەک هەیە کە تێیدا منداڵ هێشتا لەبارەی ئۆبێکتەوە نازانێت؛ لەڕوانگەی ئەوانەوە ئەمە قۆناغی ئاسایی گەشەی منداڵییە. لە لایەکی دیکەوە، ئەو دەروونشیکارانە هەن کە وایدادەنێن پەیوەندی ئۆبێکتی هەر لە سەرەتای ژیانەوە جێگیردەبێت، لەمەشدا دوای مێلانی کلیاین دەکەون؛ لە ڕوانگەی ئەمانەوە، منداڵ قۆناغێکی نارسیسیزمی لەو واتایەدا نیە کە فرۆید بیری لێ دەکاتەوە، بەڵکو تەنێ «دۆخە نارسیستییەکان»ی هەیە. ئەم مۆدێلە جیاوازانە پەیڕە و ڕێگای تەکنیکی جیاواز لە چارەسەری دەروونشیکارییانەی شڵەژانە نارسیستییەکاندا دەگرنەبەر.

## لایەنگرانی بیرۆکەی هەبوونی قۆناغی بێئۆبێکتی لە سەرەتای ژیاندا

لەڕوانگەی تەکنیکییەوە ئەو دەروونشیکارانەی کە نارسیسیزمی سەرەتایی یان «بێئۆبێکتی» بە قۆناغیئاسایی گەشە دادەنێن، دیاردە نارسیستییەکان کە لە کاتی چارەسەردا دەردەکەون وەک ئاسایی و ڕێژەیی سەیردەکەن، بۆیە ئەوان بەکەمی سەرنج دەخنە سەر لایەنە ململانێییەکانی گواستنەوەی نارسیستیی لە لێکدانەوەکانی خۆیاندا، هەر وەک فرانسیسکۆ پالاسیۆ ئێسپاسا تێبینی کردبوو (Espasa، 2003 ). لە ژمارەکەی ئەواندا پێویستە ناوی ئاننا فرۆید و مارگارێت مالێر، هەروەها دۆنالدس ڤینیکۆت، مایکڵ بالینت و هاینتس کۆخوت بهێنرێت.

ئاننا فرۆید شوێنی ڕوانینەکانی باوکی خۆی (1965) دەکەوێت و وایدادەنێت کە منداڵی تازەلەدایکبوو و ساوا لە سەرەتای ژیاندا دەکەوێتە دۆخی نارسیسیزمی جیانەکراوەیی کە تێیدا ئۆبێکت بوونی نیە، و ئەم دۆخە سەرەتاییەی دەروونی مناڵیی ناودەنێت قۆناغی ژیانی پێکەوەیی (*symbiotic*). درەنگتر خولیای مناڵ لە پرۆسەی گەشدا گاڤ بە گاڤ ئاراستەی سەر ئۆبێکت دەبێت، پرۆسەکەش فراواندەبێتەوە و منداڵەکە قۆناغە جیاوازەکان بەدوایەکدا تێدەپەڕێنێت.

چەمکەکەی مارگارێت مالێر جیاوازترە. بە نۆڕینی وی، پەیوەندییە ئۆبێکتییەکان ئەو کاتە شێوە دەگرن کە لە نارسیسیزمی ژیانی پێکەوەیی یان نارسیسیزمی یەکەمی مناڵییەوە دەستپێدەکەن و هاوتەریبی ئەوە گەشەدەکەن کە ئەو ناویدەنێت پرۆسەی جیابوونەوە ـ

بەتاکەکەسبوون[22] (mahler، Pine، Bergman، 1975 ). جگە لەوە، لە بنەڕەتی چاودێرییەکانی خۆیدا بۆ ترس لای ئەو مناڵە سایکۆسیسییانەی وا ڕووبەڕووی هەستی جیابوونەوە دەبنەوە، چەمکی سایکۆسیسی ژیانی پێکەوەیی دادەنێت؛ ئەو ئەم چەمکە بە بنەما دەگرێت بۆ ئەوەی گریمانەی هەبوونی قۆناغی ژیانی پێکەوەیی ئاسایی لە گەشەی دەروونی هەموو منداڵێکدا بکات. ئایدیاکانی مالێر لە لایەن ئەو دەروونشیکارانەوە پێشوازی لێ کران کە خۆیان بە کایەی سایکۆلۆژیا-ئیگۆ خەریک دەکرد و لە لایەن ئەوانەوە لە چارەسەی دروونشیکارییانەی منالأن و پێگەیشتوواندا پەیڕەو دەکران.

دۆنالدس ڤینیکۆت (1955 - 1956) لە لای خۆییەوە ئایدیایەک دەربارەی ئەوە جیادەکاتەوە کە هاوشوناسبوونی یەکەم لە سەرەتای ژیاندا پێگەی سەرەکی دەگرێت و منداڵ باوەڕی بەوەیە کە گشتێکی یەکانگیر لەگەڵ دایکی خۆیدا پێکدەهێنێت و دایکیشی یەکانگیرە لەگەڵ ویدا، لێ ئەو بەدەگمەن گوزارشتی «نارسیسیزمی یەکەم» بەکاردەهێنێت. لەم قۆناغەدا لای منداڵی ساوا وەهمێک هەیە کە وەک ئەوەی ئەو ئۆبێکتەکەی خۆی چێکردبێت، کارکردی دایکیش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە پاڵپشتی ئەم وەهمە بکات هەتا ئەو کاتەی کە منالەکە توانای نابێت وەهمەکە ڕەتبکاتەوە. لە کاتی گەشەی شکستخواردوودا تێکچوونەکانی «گەشەی سۆزەکی سەرەتایی» بەدیدەکرێن. ئامانجی چارەسەری دروونشیکارانە لەگەڵ ئەم نەخۆشەدا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ڕێی پێبدرێت بگەڕێتەوە بۆ قۆناغی پەیوەستی ساوایی سەرەتایی، کە تێیدا

---

[22]Mahler M., Pine F. et Bergman A. (1975), La naissance psychologique de l'être humain, trad. J. Garon Léonard, Parise, Payot, 1980.

نەخۆشی شیکاری و هەلومەرج («setting») [ڕەخساندنی هەلومەرجی لەبار لەنێوان نەخۆش و دەروونشیکاردا لە کاتی چارەسەریدا] لە دۆخی نارسیسیزمی یەکەمدا ئاوێتەبن و بە پاڵنان لەوەوە «ئیگۆی حەقیقی» دەتوانێت گەشەبکات. بە نۆڕینی مایکڵ بالینت (1952)، پێویستی بە کۆنتاکتێکی بەرجەستەیی، کە هەندێ نەخۆشی شیکاری پێشانیدەدەن، هاوتای پێویستی گەڕانەوەیە بۆ «خۆشەویستی ئۆبێکتی یەکەم». ئەمە لە دیدگای ویدا بریتییە لە گەڕانەوەیەک بۆ نارسیسیسزمی یەکەم؛ بە یارمەتیدانی گەڕانەوەی نەخۆش بۆ ئەو قۆناغە، پرۆسەی دەروونشیکاری ڕێ بە وی دەدات بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پێشبکەوێت.

من دەخوازم لەناو لایەنگرانی قۆناغی نارسیستیی بێ-ئۆبێکتیدا هەروەها ئاماژە بە پێگەی بێلا گریونبێرگەر و هانتس کۆخوت بکەم. گریونبێرگەر (1971) پێیوایە نارسیسیزم بریکارێکی دەروونی ڕاستەقینەیە، و ئەو بزوێنەرێکی بنەڕەتیانەی چارەسەری لە «پەیوەندییە شیکارییە نارسیسییەکان»یشدا دەبینێت. کۆخوت (1971) لە لای خۆیەوە کاری لەسەر پەیڕەوێکی تایبەت بۆ چارەسەری دەروونشیکارییانەی شڵەژانە نارسیسییەکان کردووە. ئەو دوو قۆناغ لە چارەسەری ئەو نەخۆشانەدا جیادەکاتەوە کە گەشە بە گواستنەوەی بەئایدیاڵیزەکار دەدەن: ئەمە قۆناغی دەستپێکی گەڕانەوەیە بۆ نارسیسیزمی یەکەم کە بە دوای ویدا قۆناغی پرۆسەی کاری دەروونی ئەم جۆرەی گواستنەوە دێت کاتێک هاوسەنگی سەرەتایی دەست بە تێکچوون دەکات.

## لایەنگرانی ئایدیای هەبوونی درککردنی ئۆبێکتی منداڵی ساوا لە سەرەتای ژیانەوە

هەندێک لەو دەروونشیکارانەی وا پاڵپشتی ئەو نۆڕینە دەکەن کە ئیگۆی تازەلەدایکبوو لە یەکەم چرکەساتی هەبوونەوە درک بە ئۆبێکت دەکات، دیاردە نارسیسییەکان وەکو گوزارشتی ئەو پاڵنەر و قەدەغە لیبیدۆیی و شەڕەنگێزییانە تەماشەدەکەن کە دەڕسکێن ئەو کاتەی سوبێکت هەست بەوە دەکات کە ئۆبێکت سەربەخۆ و جیایە لە خۆی. لە ئەنجامی ئەمەدا ئەو دەروونشیکارانەی وا پەیوەستن بەم گرووپی دووەمەوە، وایدادەنێن کە دیاردە نارسیسییەکان دەکرێت بە وردەکارییەوە [لێرەدا و ئێستا] *hic et nunc*[23] لە پەیوەندییەکانی گواستنەوەدا ڕاڤەبکرێن. ئەوان واتایەکی تایبەت دەدەن بە ڕاڤەکاری دڵەڕاوکێی جیابوونەوە [مرۆڤێک لە مرۆڤێکی دیکە] و جیاکردنەوە [ئیگۆ لە ئۆبێکت] کە لە پەیوەندییەکاندا لەگەڵ دەروونشیکاردا دەردەکەوێت[24]. لەناو لایەنگرە سەرەکییەکانی ئەم ڕەوتەدا بە پلەی یەکەم ئاماژە بە مێلانی کلیاین و دەروونشیکارە پاش-کلیاینییەکان ـــ هێربێرت ڕۆزێنفێلد و خان سیگال دەکەین کە لە بەشێکدا ئاندرێ گرین و ئۆتۆ کەرنبێرگ بەردەوامییان بە کارەکانی وان داوە.

بە نۆڕینی کلیاین قۆناغی نارسیسیزمی یەکەم بوونی نیە و منداڵی ساواش لە چرکەساتی لەدایکبوونەوە درک بە ئۆبێکت دەکات ـــ هەر ئەم خاڵەش بێگومان ناکۆکییە زیاتر گرنگەکەی وی لەگەڵ فرۆیددا دەردەخات. سەرباری ئەوەش لە تیۆرییەکەی ویدا چەمکی نارسیسیزم هەیە، لێ ئەم چەمکە لە ساڵی (1946)دا لە یەک کاتدا لەگەڵ

---

[23]لێرە و ئێستا (لاتینی)

[24]Quinodoz J.-M، La solitude apprivoisée. l'angoisse de séparation en psychanalyse Paris, PUF, 1991.

چەمکی هاوشوناسبوونی دەرهاوێژی (projection) دەردەکەوێت، و پاش ئەمەش لەگەڵ چەمکی ئیرەیی‌دا (1957)؛ ئەم چەمکانە دەرفەتیان دا لە ڕووناکییەکی تازەدا وێنای ئەو ڕۆڵە بکەین کە نارسیسیزم وەک بەرگرییەک دەیگێڕێت دژ بە درکردنی ئەو ئۆبێکتەی لە سوبێکت جیادەبێتەوە. دەروونشیکارە کلینیکییەکان بە شوێنکەوتنی ئەم دیدگایە دەربارەی «دۆخە نارسیستییەکان» دەئاخفن نەک دەربارەی «قۆناغی» نارسیستیی. ڕۆزێنفێلد، سیگال و بیۆن (1957، 1967) بە بنەماگرتنی ئەم چەمکە لە کۆتای سالآنی (1940)دا یەکەم هەوڵی چارەسەری دەروونشیکارییانەیان گرتەئەستۆ، ئەویش بەتووندی گرتنەبەری چوارچێوە دەروونشیکارییەکان. سەرەنجام کارە کلینیکییەکەی وان بووە هۆی یارمەتیدانی گەشەی پەیڕەوێکی کلیاینیی تایبەت لە چارەسەری دەروونشیکارییانەی لایەنی نارسیستیی گواستنەوەدا.

من بە گرنگی دەزانم بە درێژی گفتوگۆی ئەو دەسکەوتە بنەڕەتییانەی ڕۆزێنفێلد بکەین کە تا ڕادەیەکی زۆر ئیمکانی شیکاری گواستنەوەی نارسیستییان بردەپێشەوە. ڕۆزێنفێلد وایدادەنێت ئەو دیاردانەی کە فرۆید وەک ئەزموونی ئەو نارسیسیزمە یەکەمەی وا دەکەوێتە پێش درکردنی ئۆبێکتەوە، باسیکردوون، پێویستە زیاتر وەکو پەیوەندییە ئوبێکییە ڕەسەنییەکانی تایپێکی سەرەتایی وەسفیان بکەین. بە بۆچوونی وی نارسیسیزم لەسەر فەنتازیای ئەو هەمەتوانایی و بەئایدیاڵیزەکردنەی ئیگۆ دادەمەزێت کە بەڕێگەی هاوشوناسبوونی دەرهاوێژی و ناوهاوێژییەوە لەگەڵ ئۆبێکتی بەئایدیاڵیزەکراودا گەشەیان کردووە. ئەم هاوشوناسبوونە لەگەڵ ئۆبێکتی بەئایدیاڵیزەکراوەدا دەگوازرێتەوە بۆ نکۆڵی لە جیاکاری و سنورەکانی نێوان خۆی و ئۆبێکت. بۆیە ڕۆزێنفێلد ڕایدەگەیەنێت «بەرگرییەکان لە پەیوەندی ئۆبێکتی نارسیستییدا دژ بە هەر داپێدانانێک دەربارەی جیابوونەوەی نێوان خۆی و ئۆبێکت ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن». هەروەها ڕۆزێنفێلد ڕۆڵی

سەرەکی لە دیاردە نارسیسییەکاندا دەخاتەپاڵ ئیرەیی [حەسادەت]. ئەو بە بەردەمیدان بە لێکۆڵینەوەکانی خۆی لە کەناڵی ململانێی نێوان پاڵنەری ژیان و پەڵنەری مەرگدا، لە ساڵی (1971)دا جیاکارییەک دەخاتە نێوان نارسیسزمی لیبیدۆیی و نارسیسیزمی وێرانکاری. ئەو ڕایدەگەیەنێت کە کاتێک پێگەی نارسیستیی لە پەیوەندیدا بە ئۆبێکتەوە چۆڵدەبێت، ڕق و ڕیسوایی بۆ ئۆبێکتەکە تەشەنەدەسێنن، چونکە نەخۆش، هەرکە پەی بەوە ببات کە جیهانی دەرەکی هەندێک چۆنییەتی تایبەت بە خۆی هەیە، هەست بە چەوساوەیی خۆی دەکات. کاتێک بە سەرکەوتووی ئەم هەستە نێگەتیڤانە شیکار دەکەین، نەخۆش توانا پەیدا دەکات بەسەر گواستنەوە دوژمنکارییەکەی خۆیدا زاڵبێت: «هەر لەم ساتەدا نەخۆش بەئاگادێتەوە کە دەروونشیکار بوونەوەرێکە لە جیهانی دەرەکییەوە و بۆ وی گوزارشت لە بەهایەک دەکات[25]». بەڵام کاتێک هاندەرە وێرانکارییەکان زاڵدەبن، ئیرەیی وەکو ئارەزووییەک سەرهەڵدات بۆ تێکدانی هەموو دەستکەوتەکانی شیکاری و هێرشکردنە سەر ئەو دەروونشیکار ـــ ئۆبێکتەی کە نوێنەرایەتی سەرچاوەی هەموو بوونەوەر و باشەیەک دەکات. بە بۆچوونی ڕۆزێنفێلد هێزی ئەنگێزە و هاندەرە وێرانکارییەکان هەرچۆنێک بێت، گرنگە لە پراکتیکی کلینکییدا ڕێگای گەیشتن بە بەشی هۆگری لیبیدۆیی ئیگۆ بدۆزینەوە بۆ ئەوەی کاریگەری ڕق و ئیرەیی کەمکەینەوە و بەم شێوەیە ڕێ بە نەخۆش بدەین پەیوەندییە ئۆبێکتییە باشەکان جێگیر بکات. دەتوانین بەمە بگەین، ئەویش بەهۆی شیکاری دوروودرێژانەی تێپەڕینییێکی بێکۆتایی لە پێگەی

---

[25]Rosenfeld H. (1971), «Les aspects agressifs du narcissisme: un abord clinique de la théorie des instincts de vie et de mort», Nouv. Rev. Psyhanal., p. 213

نارسیستییەوە کە تێیدا نکۆڵی لە ئۆبێکت دەکرێت، بەرەو پێگەیەکی پەیوەندییە ئۆبێکتییەکان کە تێیدا دان بە ئۆبێکت دەنرێت، و بەپێچەوانەشەوە.

ڕوانگەکانی خان سیگال (Segal، 1986 ) لەسەر نارسیسیزم لە ڕوانگەکانی ڕۆزێنفێلدەوە نزیکن: ئەم ژنە دەروونشیکارە وایدادەنێت کە پاڵنەری ژیان و پاڵنەری مەرگ دەتوانن لە چارەسەری ئەو گرفتەدا یارمەتیمان بدەن کە گریمانەکەی فرۆید دەربارەی نارسیسیزمی یەکەم گوزارشتی لێ دەکات. بە نۆڕینی وی دەکرێت نارسیسیزم لای هەندێک نەخۆش فۆرمی بەئایدیاڵیزەکردنی مەرگ و ڕق لە ژیان وەرگرێت، کە ئەمەش دەکرێت لای وان ببێتەهۆی ئارەزووی تێکشاندنی نە تەنێ ئۆبێکت، بەڵکو ئیگۆی خۆیانیش؛ ئارەزووی لەم شێوەیە وەک بەرگرییەک لەهەمبەر درککردنی ئۆبێکت سەرهەڵدەدات. سیگال دەپرسێت: چۆن لەگەڵ نارسیسیزمدا مامەڵە بکەین؟ بە بۆچوونی وی ئەستەمە ڕزگاربوون لە بونیادە نارسیسییەکانی لەم شێوەیە و بتوانین سەقامگیرییەک بۆ پەیوەندی ئۆبێکتیانەی نا-نارسیسیی جێگیر بکەین کە جیاوازتر بێت لە هاتن بۆ پێگەی خەمۆکیی بەرێگای «وتوێژە» درێژخایەنەکان.

ئاندرێ گرین (A. Green) بە ڕێگەی خۆی گەشەی بە ئایدیاکانی ڕۆزێنفێلد داوە، بەتایبەت لە کارەکەیدا نارسیزمی ژیان و نارسیسیزمی مەرگ(1983). گرین لە کارەکانی خۆیدا کاریگەر سۆزەکی هەڵوەشاندنەوە [لەیەکجیاکردنەوە] پێشنیاردەکات کە پاڵنەری مەرگ بەسەر هەموو فۆرمەکانی پەیوەستی بە ئۆبێکتەوە فراواندەکاتەوە، ئەم کاریگەرییە سۆزەکییە ناودەنێت کارکردی بێئۆبێکتکار [بێئامانجدار]ی پاڵنەری مەرگ[26].

[26]Green A. (1986), «Pulsion  de mort, narcissisme négatif et fonction désobjectalisante», in La pulsion de mort, 1er. Symposium de La Fédération européene de psychanalyse, Paris, PUF, p. 49- 59

ئەو هەروەها ئەوە پێشاندەدات کە پاڵنەری مەرگ لە سیکۆسیسدا دەتوانێت ببێتە هۆکاری نەمانی چالاکی دەرهاوێژی و ئەو بێبارگەیەی [یان کشانەوەی بارگە] («decathexis») کە بۆشاییەکانی تێڕامان دروست دەکات. لە کۆتایی ئەم هەڵسەنگاندنە کورتە ئاماژە بە پێگەی ئۆتۆ کۆرێنبێرگ (1975) دەکەین، کە لە پەیڕەوە تیۆرییەکەی خۆیدا بۆ نارسیسیزم هەوڵدەدات ڕوانگەکانی فرۆید و ڕوانگەکانی لایەنگرانی تیۆری پەیوەندییە ئۆبێکتییەکان (کلیاین و بیۆن) پێکەوە گرێ بدات. کۆرێنبێرگ لە نارسیسیزمی پاتۆلۆژیاییداستروکتورێکی دیاریکراو دەبینێت کە لە منداڵیدا شێوەی خۆی دەگرێت، و بە نێرینی وی شڵەژانە نارسیسییەکانی کەسێتی لێکچوونیان لەگەڵ شڵەژانە یەکلایینەکرەوەکان هەیە، لێ بەپێی پلەبەندی توونت و قوورس خۆیان جیادەکەنەوە. ئەو وایدادەنێت کە کەسێتییە نارسیسییەکان خاوەنی ئیگۆیەکی زەبەلاحن کە گشتگیرترە لە ئیگۆی کەسێتی یەکلاییڕنەکەوە، لێ لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ئیگۆیەکی پاتۆلۆژییە کە دەمامک بە پەرتبوونی هەستەکانی ناسنامەبوون دەپۆشێت.

## کرۆنۆلۆژیای چەمکەکان:

هەڵبژاردنە ئۆبێکتی پاڵپشتخوازی ـــ ***هەڵبژاردنەئۆبێکت***ی نارسیسی ـــ ئایدیاڵی ئیگۆ ـــ نارسیسیزم ـــ نارسیسیزمی یەکەم (سەرەتایی) ـــ نارسیسیزمی دووەم ـــ ناخنشینی لیبیدۆ.

# کۆتایی

سەرنج: ئەم ڕانانە کورتەیەکە لە خوێندنەوەکانی دەروونشیکاری سویسری "ژان-میشێل کینۆدۆ" بۆ کارەکانی فرۆید لە پەرتووکی: «خوێندنەوەی فرۆید: هەڵکۆڵینێکی کرۆنۆلۆژییانە بۆ بەرهەمەکانی فرۆید» (2004). ئۆ. یا. ژوراڤلێڤ ساڵی (2012) لە فەرەنسییەوە بۆ ڕووسی وەریگێڕاوە. من بۆ پەرەگرافەکانی فرۆید کە نووسەر لە ناو ئەم خوێندنەوەدا باسیاندەکات، بە باشم زانی سەرچاوەکەیان لە دەقەکەی فرۆید «دەروازەیەک بۆ خودئەڤینی»ەوە بە کوردی وەرگرم، کە لە پەراوێزی (3)دا دانراوە، بەڵام نوسەر هەمان ئەو پەرەگرافانەی لە سەرچاوەی زمانی فەرنسییەوە وەرگرتووە.

سەرچاوە:

Киндо Ж.- М. Читая Фрейда: изучение трудов Фрейда в хронологической перспективе / Пер. С фр. О. Я. Журавлева.–М.: «Когито-Центр», 2012.- с. 192 - 202